# ئایە ئیسلام چیە
# وچەند جۆر ئیسلام هەیە؟


نووسەر:

مامۆستا ئوسامە تەوحیدی شارەزووری

بسم الله الرحمن الرحيم

# ئایە ئیسلام چیە وچەند جۆر ئیسلام هەیە ؟


نووسەر :

مامۆستا ئوسامە تەوحیدی شارەزووری



الدولة الإسلامية
خلافة على منهاج النبوة

١٤٤٧ هـ

# پێرستی نــامیلکە


| ژ | بـــابەت | لاپـەڕە |
| --- | --- | --- |
| 1 | جۆرەکانی ئیسلام لەڕوانگەی قورئان وسونەت چۆن باسکراوە ؟<br>١- ئیسلامی قەدەری ....<br>٢- ئیسلامی فیطرەت .... | ١ - ٤ |
| 2 | ئـایا ئیسـلامی شەرعی چیە ؟<br>ئەم ئیسلامە دابەش دەبێت بۆ دوو لق<br>١- ئیسلامی گشتی .........<br>٢- ئیسلامی تایبەت ....... | ٤- ٧ |
| 3 | ئایا جیاوازی نێوان ئیسـلام ی گشـتی پێغەمبەران چیە لەگەڵ ئیسلام ی تایبەت بە محمد صلی الله علیه وسلم ؟ | ٧ - ٨ |
| 4 | ئــایا ئیسلام ی تایبەت چیە و چۆن بیناسینەوە وشوێنی بکەوین ؟<br>ئیسلام بونیاد نراوە لەسەر پێنج شت ......<br>مەرجەکانیش بریتین لـــە ...... | ٩ - ١٠ |
| 5 | ئایا جیاوازی نێوان ئیسـلام وئیمان چیە ؟ | ١١ |

ئیسلام لەڕووی زمانەوانیەوە واتا ملکەچ بون و خۆبەدەستەوە ـدان وەکو الله تعالى لەقـورئان ـدا ئەفەرمویٚ : ( وَأَنِيبُوا إِلَىٰ رَبِّكُمْ وَأَسْلِمُوا لَهُ) [الزمر : ٥٤] بگەڕێنەوە بۆلای پەروەردگارتـان و ملکەچی فەرمانی ئەوبن

وە ـدەفەرموێت : ( فَلَمَّا أَسْلَمَا وَتَلَّهُ لِلْجَبِينِ ) [الصافات : ١٠٣] جا کاتیٚ هەر دوو کیان ابراهیم واسماعیل ملکەچی فەرمانی الله بوون وخۆیان تەسلیم ـی فەرمانـی الله کرد.

– کەواتا ئیسلام لەزمانەوانیدا بریتیە لەخۆ تەسلیم کردن و ملکەچ بون

## جۆرەکانی ئیسلام لەڕوانگەی قورئان وسونەت چۆن باسکراوە ؟:

یەکـەم ئیسـلام ـی قەدەری :- (واتـا تـەسلیم بونـی هەموو مەخلوقات بۆ قەدەری کەونـی الله تعالى وهەموویان لە ژێر قەدەری الله تعالى ـن ئەم ئیسلامە هەموو مخلوقات دەگرێتەوە وکەس لە ژێر ئەم تەسلیم بونە بۆ قەدەرەکان ـی الله تعالى دەرناچێت تەنانەت گەلا ودار وبەرد ملکەچ ـن بۆ قەدەری الله تعالى )

دووەم **ئیسلام ی فیطرەت** :- بریتیە لەو ئیسلامەی کە الله تعالی بەندەکانی لەسەر ئەوە دروست کردوە کە نەفسیان الله تعالی بناسێت و الله بەتاک ڕابگرن و شەریکی بۆ دانەنێن ئەم ئیسلامە گشتیە و پێی ئەوترێ فیطرەت (واتە الله سروشتی مرۆڤ ی لەسەر تەوحید بەدیهێناوە بەڵام چوار دەورەکەی وای لێدەکەن ببێت بەموشریک جا هەرکەسێ لەم ئیسلامە گشتیە پاشگەزبێتەوە پێی ناوترێ مورتەد چونکە ئەمە ئیسلامی فیطرەتە نەک ئیسلام ی شەرعی کەدواتر باسی دەکەین

بەڵگە لەسەر ئەم ئیسلامەتیە : ( وَإِذْ أَخَذَ رَبُّكَ مِن بَنِي آدَمَ مِن ظُهُورِهِمْ ذُرِّيَّتَهُمْ وَأَشْهَدَهُمْ عَلَىٰ أَنفُسِهِمْ أَلَسْتُ بِرَبِّكُمْ ۖ قَالُوا بَلَىٰ ۛ شَهِدْنَا ۛ أَن تَقُولُوا يَوْمَ الْقِيَامَةِ إِنَّا كُنَّا عَنْ هَٰذَا غَافِلِينَ )[الأعراف : ١٧٢]

ئەوکاتە وەبیربێنە کە پەروەردگارت لەپشتی نەوەکانی ئادەم وەچەو نەوەی وەدەرهێنا و پەیمانی لێ وەرگرتن و، کردنی بەشایەد لەسەر خۆیان بۆ الله پەرستی بەتەنها، ئەوجا الله پێیانی فەرموو: [ ئەرێ من پەروەردگاری ئێوە نیم؟ ] گشتیان وتیان بەڵێ، ئێمە شایەتی دەدەین لەسەر ئەمە ئینجا الله پێی فەرمون نەکا ڕۆژی قیامەت بڵێن:

[ بەراستیی ئێمە لەم بەڵێن وتەوحیدە بێ ئاگاو خافڵ بووین چونکە الله ـ دەفەرمویت پەیامبەران دەنێرم ئەم بەڵێنەتان بیربخەنەوە .

ئیمام ـی الطبري لەتەفسیرەکەیدا بەسەندی [سەحیح وبەتەصحیح ـی شێخ احمد شاکر دەیگێڕێتەوە لە أبي العالية، له أبي بن كعب] کەباسی ئەوە دەکات کاتێ الله تعالى بەڵێنی لەنەوەکانی ئادەم وەرگرت و ئەوانیش دانیان پێ ـدا نا الله تعالى فەرمووی : (وأني سأرسل إليكم رسلا يذكرونكم عهدي وميثاقي، وسأنزل عليكم كتبي قالوا: شهدنا أنك ربنا وإلهنا، لا رب لنا غيرك، ولا إله لنا غيرك. فأقروا له يومئذ بالطاعة )

من پەیامبەرانتان بۆ ڕەوانە دەکەم ئەم بەڵێن وپەیمانەتان بیردەخەنەوە وە کتێب ـی خۆم دائەبەزێنم بۆتان ئەوانیش وتیان شاهێدی دەدەین کەتۆ پەروەردگاری ئێمەی و ئێمە هیچ پەروەردگارێکمان نیە جگە لەتۆ وە پەرستراوی ترمان نیـە جگە لەتۆ لەو ڕۆژەدا ملکەچ و دانیان داهێنا بەگوێڕایەڵیکردن ـی الله تعال ـی .

پێغەمـبەر صلى الله عليه وسلم ـدەفەرموێت : كلُّ مولودٍ يولَدُ على الفطرةِ فأبواه يُهوِّدانِه أو يُنصِّرانِه أو يُمجِّسانِه. [أخرجه البخاري (1385)]

واتا : هەموو كەسێ كەلەدايك ئەبێت لەسەر فيطرەت ى (الله پەرستى) لەدايك ئەبێت بەڵام دايك وباوكى دەيكەن بەجولەكە يان بەگاور يان بەمەجوس ى .

– كەواتا ئيسلام ى فيطرەت بريتيە لەوەى نەفسى مرۆڤەكان لەسەر تەوحيد دێتە دوونياوە جا هەركەسێ لەئيسلام ى فيطرەت لابات بە كافرى ئەصڵى حسابە وپێى ناوترێ مورتەد چونكە مورتەد تايبەتە بەدەرچون لەئيسلام ى شەرعى.

## ئايا ئيسلامى شەرعى چيە؟

ئەم ئيسلامە دابەش دەبێت بۆ دوولق

١- ئيسلام ى گشتى (عام) :- ئەم ئيسلامە بريتيە لەدەعوەى هەموو پێغەمبەران كەبريتيە لە الله پەرستى بەتاك وتەنها وملكەچ بون بۆالله بەگوێڕايەڵى وبەڕائەت لەشيرك وموشريكين (ئەم ئيسلامە پێشى ئەوترێ ميلەت ى ابراهيم يان حەنيفيەت يان دين ى الله تعالى ) قال تعالى ( مَا كَانَ إِبْرَاهِيمُ يَهُودِيًّا وَلَا نَصْرَانِيًّا وَلَٰكِن كَانَ حَنِيفًا مُّسْلِمًا وَمَا كَانَ مِنَ الْمُشْرِكِينَ ) [آل عِمرَان : ٦٧]

واتا : دڵنیابن كه ئیبراهیم نه جوولەكه بو و، نەگاور بەڵكو الله ـی ڕادەگرت بەتاک وتەنها و ملكەچ و ڕاساڵ و موسڵمانێک بوو، تەنها ساتێكیش لەهاوبەش پەیداكەران نەبوو

– ئەو ئیسلامە ئیسلامی هەموو پێغەمبەران و بانگەوازی هەموو پێغەمبەرانە كەهەموو پێغەمبەران وشوێنكەوتوە سەر ڕاستەكانیان لەسەر ئەو ئیسلامە بون وە ملكەچ بون ئەگەر پێغەمبەری ئیسلام هات شوێنی بكەون و سەری بخەن

٢- ئیسلامی تایبەت :- بریتیە لەو ئیسلامەی كه الله بەپێغەمبەر محمد ـی بەخشیوە صلی الله علیه وسلم كەپێكهاتوە لەتەوحید و فەرز و واجب وحەڵاڵ وحەرام و مەكرۆهـ وسونەت ئەم ئیسلامە ئەو ئیسلامەیە كەكۆتا دینە و الله تعالی واجب ـی كردووە لەسەر پێغەمبەرانیش كەئەگەر لەژیان ـدا بن وئەم ئیسلامەیان پێ بگات شوێنی بكەون چونكە هەركەسێ شوێن ئەم ئیسلامە نەكەوێت لەدوای گەیشتنی ئیسلام پێی ئەوا هیچ دینداریەكی لێ قبوڵ ناكرێت)

قال الله تعالى ( وَإِذْ أَخَذَ اللَّهُ مِيثَاقَ النَّبِيِّينَ لَمَا آتَيْتُكُم مِّن كِتَابٍ وَحِكْمَةٍ ثُمَّ جَاءَكُمْ رَسُولٌ مُّصَدِّقٌ لِّمَا مَعَكُمْ لَتُؤْمِنُنَّ بِهِ وَلَتَنصُرُنَّهُ ۚ قَالَ أَأَقْرَرْتُمْ وَأَخَذْتُمْ عَلَىٰ ذَٰلِكُمْ إِصْرِي ۖ قَالُوا أَقْرَرْنَا ۚ قَالَ فَاشْهَدُوا وَأَنَا مَعَكُم مِّنَ الشَّاهِدِينَ ) [آل عمران : ٨١]

ئەوکاتەیان وەبیر بێنەوە کەالله تعالــى پەیمانی پتەوو بەهێزی لە یەکە یەکەی پەیامبەران وەرگرت کە هەرچەندە کتێب و نامەی زانستی و حیکمەتم پێدابن بەڵام لە وەپاش پەیامبەرێک هاتە ناوتان و ئەوەی ئێوەیشی بەراست زانی  ئەبێ ئێوەش باوەڕی پێ بێنن و، هاوکاریی ویارمەتیشی بدەن وسەری بخەن  جا الله بەپەیامبەرەکانی وت: ئایا دانتان بەوەدا ناو پەیمانەکەی منتان وەرگرت؟ وتیان: بەڵێ پەیمانمان داو، هەروا دەکەین  ئەوکات الله فەرمووی: دەسا ئێوە لەناو خۆتانا بۆ ئەم بەڵێنە بەشایەت بن وا منیش لە گەڵتانم و شایەتم لەسەر ئەو پەیمانە.

وقال تعالى ( وَمَن يَبْتَغِ غَيْرَ الْإِسْلَامِ دِينًا فَلَن يُقْبَلَ مِنْهُ وَهُوَ فِي الْآخِرَةِ مِنَ الْخَاسِرِينَ ) [آل عمران : ٨٥] هەرکەسێ بێجگە لەبەرنامەو شەریعەتی ئیسلام هەردینێک بۆخۆی هەڵبژێرێ و بیکا بەبەرنامەی خۆی هەرگیز لێیوەرناگیردرێ و لەدوارۆژیشدا لەڕیزی زیانمەندانە.

– کەواتە هەرکەسێ داخل ئەم ئیسلامە نەبێت کافرە وەهەرکەسێ داخل ئەم ئیسلامە ببێت و لێی پاشگەزبێتەوە ئەوا پێی ئەوترێ مورتەد پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم دەفەرموێت (من بدل دينه فقتلوه ) هەرکەسێ دینی ئیسلامەکەی گۆڕی بۆ دینێ تر بیکوژن (ئەگەر نەگەڕایەوە بۆ ئیسلام )

## ئایا جیاوازی نێوان ئیسلام ی گشتی پێغەمبەران چیە لەگەڵ ئیسلامی تایبەت بە محمد صلى الله عليه وسلم ؟

وەڵام :- لەوەدا هاوبەشن کەئیسلام ی گشتی وئیسلام ی تایبەت هاوبەشن لەتەوحید و لەعەقیدە وبیروباوەڕدا بەڵام لە بابەتی حەڵال و حەرام و وچۆنیەتی ئەنجام دانی عیبادەتەکان جیاوازن

بەڵگە :- پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم ئەفەرموێت: الأنبياءُ إخوَةٌ لعَلَّاتٍ: دِينُهم واحِدٌ، وأُمَّهاتُهم شَتَّى، [ أخرجه أبو داود (4324) و البخاري (3443)]

واتا : پێغەمبەران لەیەک باوکەوەن هەموویان یەک دینیان هەیە بەڵام دایکیان جیاوازە .

وە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم يەكەم كەسە كە شوێن ئەم ئيسلامە تايبەتە كەوتوە . قال تعالى ( فَإِن تَوَلَّيْتُمْ فَمَا سَأَلْتُكُم مِّنْ أَجْرٍ ۖ إِنْ أَجْرِيَ إِلَّا عَلَى اللَّهِ ۖ وَأُمِرْتُ أَنْ أَكُونَ مِنَ الْمُسْلِمِينَ ) [يونس : ٧٢]

واتا : خۆ ئەگەر لە ئامۆژگارييەكانيشم ڕوو وەرگێڕن، لەبەر ئەوە نييە كە من داواى كرێيەكم لێكردبن، بەڵكو هەر لەبەر لاساريى و بەدبەختيى خۆتانە چونكە پاداشى من هەرلاى الله يـە و فەرمانم پێكراوە كە لەموسڵمانان بم .

وە لەئايەتێكى تردا ئەفەرموێ: ( لَا شَرِيكَ لَهُ ۖ وَبِذَٰلِكَ أُمِرْتُ وَأَنَا أَوَّلُ الْمُسْلِمِينَ ) [الأنعام : ١٦٣]

واتا : كە هيچ هاوەڵێكى بۆ نييە هەر بەوەش فەرمانم پێدراوە، دەبێ هەر بۆ الله بژييم و بمرم وەمن يەكەم كەسيشم لە ڕيزى موسڵمانانى ئەم ئوممەتەدا.

## ئـــایا ئیسلامی تایبەت چیە و چۆن بیناسینەوە وشوێنی بکەوین ؟

پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم ئەفەرموێت : صلى الله عليه وسلم، قَالَ: "بُنِيَ الإِسْلَامُ عَلَى خَمْسٍ: شَهَادَةِ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ وَأَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللَّهِ، وَإِقَامِ الصَّلَاةِ، وَإِيتَاءِ الزَّكَاةِ، وَصَوْمِ رَمَضَانَ، وَالحَجِّ

## ئیسلام بونیادنراوە لەسەر پێنج شت

١- شایەتی ـدان بەلاالە الاالله و محمد رسول الله :- (ئەم شایەتی ـدانە حەوت مەرج ـی هەیە بەبێ بەدیهاتنی ئەم مەرجانە خاوەنەکەی نایەتە نـاو ئیسلام ـی هەقیقیەوە

## مەرجەکانیش بریتین لـــە

١- العلم : زانستت بەوە هەبێ لاالە الاالله واتا هیچ پەرستراوێ نیە بەهەق شایستەی پەرستن بێت تەنها الله تعالى نەبێت وهەرئەو بپەرستی

٢- اليقين : ئەم وشەیە بەدڵنیاییەوە بڵێی و گومان لەدڵت ـدا نەبێت بەرامبەر لاالە الاالله و شەرعی الله تعالى

٣- القبول : ئەم لاالە الاالله یە و داخوازیەکانی قەبوڵ بکەیت و ڕەدی نەکەیتەوە لەبەر هەواو ئارەزوو

٤- الإنقياد : کەقەبوڵت کرد ملکەچ بیت بەکردەوە کاری پێ بکەیت و دژی فەرمانەکان ی الله تعالی نەوەستیتەوە

٥- الصدق : ڕاستگۆ بیت لەوتنی لاالەالاالله لەوتنیدا وە شەرع ی الله بەڕاست بزانیت

٦- الإخلاص : مەبەستت ڕەزامەندی الله بیت و لەترسی کوشتن و بەدەستهێنانی دوونیا نەبێت بەڵکو مەبەستت ڕەزامەندی الله بێت

٧- المحبة : ئەم وشەیە وهەڵگڕانی ئەم وشەیەت خۆش بوێت و بەپێچەوانەشەوە دوژمنانی ئەم وشەیەت ڕق لێ بێتەوە

– پاشان وتنی واشهد ان محمد رسول الله ئەبێت ئەم مەرجانەی تێدا بێت ئینجا قبوڵکراوە

١- ئیمان هێنان بەشەرعەکەی وباوەڕبون پێی لەدڵەوە

٢- وتنی ئەم شایەتومانە بەئاشکرا وبەزمان

٣- شوێنکەوتنی بەکردار وملکەچ بون بۆفەرمانەکان ونەهیەکان ی

٤- بەڕاست خستنەوەی هەموو ئەو هەواڵانەی کەداویەتی لەبارەی ڕابردوو و داهاتوو

٥- الله تعالی بپەرستیت بەوشێوەیەی ئەو ئەنجام ی داوە

٦- لەنەفسی خۆت ومالّ ومندالّت وهەمووو کەسێ زیاتر خۆشت بوێت

٧- وتەی کەس پێش نەخەی بەسەر وتەی پێغەمبەردا صلى الله عليه وسلم

– پاشان فەرمووی (ئەنجامدانی نوێژ و زەکات دان و ڕۆژوی مانگی ڕەمەزان و حەج )

کە نوێژ پایەی دوووەم ی ئیسلامە بەنەکردن ی ئیسلام هەلّ ئەوەشێتەوە چونکە مەرج ی چوارەمی لاالە الااللە هەلّ ئەوەشێتەوە کەملکەچ بون بۆ پەرستنی اللە تعال ی

## ئایا جیاوازی نێوان ئیسلام وئیمان چیە؟

ئیسلام وئیمان ئەگەر پێکەوە باسکران ئەوا ئیمان مەبەست پێی ئیمان ی دلّە وەک باوەڕبون بە اللە تعالى و کتێبەکانی وفریشتەکان و پێغەمبەران و ڕۆژی قیامەت و قەدەری اللە تعالى

وە ئیسلام یش مەبەست پێی کردارەکان ی ڕووکەشە وەک وتنی هەردووشایەتومانەکە و نوێژکردن و ..هتد

– وە ئەگەر بەجیا باسکران ئەوا ئیسلام واتای ئیمان وئیسلام ئەیات و ئیمانیش هەمان واتای ئیسلام وئیمان ئەیات

الحمد لله رب العالمين

**اللَّهُمَّ صَلِّ عَلَى مُحَمَّدٍ، وَعَلَى آلِ مُحَمَّدٍ**

٢١ - رمضان - ١٤٤٧ هـ